www.kurdistannet.org


# هونەر
# مرۆڤ ئاوەدان دەکاتەوە

**حەمە کەریم عارف**
**hamakarimarif (a)maktoob.com**

(١)

یەکێک لەئەرکەکانی هونەرمەند، ئیدی لەهەر بوارێکی کاری هونەریدابێ، ئەوەیە جوانی مرۆڤانی بگەیە نێتە ئەوپەری و وا لە وەرگر (متلقی)بکات بەئاسانی دەرکی نیوەرۆکی گشتی کارە هونەرییەکەبکات، نەک لەگێژاوی درێژدادڕیدا غەرقی بکات و نیوەرۆکەکەی لە کیس بدات، بێگەردی منداڵی ی لێ بشێوێنێ وبلەوتێنێ، چونکە ئەگەر گەلان لە زۆر شتدا لێکدی جیاوازبن ئەوا لە گیانی بێگەردی منداڵانەدا هاوبەشن..

دیارە هونەراندنی ئەو گیانی بێگەردییە لەدەست هەموو کەسێک نایەت، هەر بۆیەش ژمارەی هونەرمەندانی گەورەو نەمر بەدرێژایی مێژوو هەرکەم بووەو کەمیش دەبێت .. ئەو هونەرمەندەی بیەوێ سیحروئە فسونێکی دەسکرد و نا حەقیقی بەکارەهونەرییەکەی ببەخشێت ئەوا لە ستاتیکای راستەقینەدوور دەکەوێتەوەکە جەوهەروکرۆک و ڕەسەنایەتی هەرکارێکی هونەری پێکدێنێ..

«٢»

هونەرمەند هەقی خۆیەتی بیرلەوە بکاتەوە کە بەرهەمەکانی لەدەقەرێکی بەرتەنگدا نەمێنیتەوە، لەدەڤەرێکی تەسکدا، لەناوچەیەکی سنورداردا قەتیس نەمێنێ .چونکە هونەر بە تەبیعەت و سروشتی خۆی دژی زیندانە وبەقەتیسمان قاییل نابێت، هونەرمەنددەبێ دووی شکۆو ناوبانگ بکەوێت، ئەگەر خەیاڵ پلاویش بێ؛ شکۆو ناوبانگ لە شوێنی گەورەو کراوەدا زۆر بەقورسی و هێواشی دێتەپێشێ وبەدەست دێت ..وڕێگەی هونەر بەگوڵ ڕانەخراوە.هەرکەسێک، بەتایبەتی لەووڵاتانی داواکەوتوودا، ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر، دەبێ کوێرەوەری وبرسێتی وچەوسانەوەی لەبیر بێ، مێژووی هونەریش پرە لە نموونەی زیندوو...

یەکێک لەخەسڵەتەکانی ڕەسەنایەتی لە هونەردا ئەوەیە کە لە ڕۆاڵەتدا هێدی و هێمن ومەند ومەنگ بێ و لەناخدا پرقوڵپ و بەکوڵ وبەجۆش بێ، گرکانانی لە دامرکانەوە نەهاتووی، لەناودابێ ..واتە شۆرشێکی مە نگی مەنگ بێ .چپەیەک بێ لە جەڵدەو شەلاق بەسوێ تر، نەک هەراوزەناو هاوارو گازییەکی بەکەف وکوڵ و ڕوتەنی. بێگومان هونەر پەیوەستە بەژیانەوە، بەڵکو ئەوزارێکی کۆمەڵایەتییە بۆ وەدیهێانی بەرژەوندیێن هاوبەش، ئەوزارێکە لە خزمەتی گەلدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێن دادوەری وپێشکەوتن. هونەرمەند نابێ بچێتە قاوەغەکەی خۆیەوە وکونجی قەناعەت بگرێ و بچێتە خەڵوەتخانەی گۆشەگیرییەوە، بەڵکو دەبێ تێکەڵی ڕووداوەکان ببێ ئاوێتەی کۆمەڵەکەی بێ، چاودێری بکات، شی بکاتەوەو بیفەلسەفێنێ تاهەڵوێستێکی وای لەمەبگرێت کەلەگەڵ بەرزی هونەرو پەیامی پیلانگێری هونەردا بگونجێت، یانی هەڵوێستێک کەزادەی پێداویستی ژیانی کۆمەڵایەتی بێ بۆ هونەر، بەوحەساوەی هونەر ڕۆحی زیندووی قەوارەی کۆمەڵاتییە.

کەواتە مرۆڤ وئازادی مرۆڤ دۆزی هەرە بنەڕتی هەر ژانرێکی هونەری یە، ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە تەبیعەت وسۆزە پەنهانەکان بدۆزێتەوە، دەمامکیان لەسەر لابدات، وەکوخۆیان بیان هۆنەرێنێ، ئیدی گرینگ نییە ئەوتەبیعەت وسۆزانە بەرزبن یان نزم، جوان بن یان ناشیرین، هەرچۆنێک بن سۆزی تیرەی بەشەرن وەکو چۆن هەیە .ئەرکی هونەرمەند پەندوئامۆژگاری ئەخلاقی و پەروەردەیی نییە، بەڵکو لابردنی دەمامکەکانە شکاندنی کۆت وزنجیرەکانە .هەڵدانەوەی بەردانە تامێروو وکرمەکانی ژێریان بەدیاربکەون .کەواتە ئەوەی بایەخ وبەها بە هەرکارێکی هونەری دەبەخشێت راستگۆییە، ئەنگاوتنی حەقیقەتە وەکو چۆن هونەرمەند دەیبینێ ودەیناسێت ودەیخوێنێتەوە لێ هونەرمەند کەهونەریانە هێرش دەباتەسەر هەندێ تورەهاتی ژیانی ڕۆژانە، مانای وانییە هێرش دەباتە سەر خودی ژیان، چونکە چ شتێک لەدەرێ ی ژیاندا کەشف نابێت و بەهاو بایەخی خۆی وەرناگرێت و ناهونەرێنرێت. هونەری رەسەنیش قەت ولە هیچ سەردەم و

www.kurdistannet.org


قۆناغیکداپارووییەکی نەرمە قووت نەبووە و بەئاسانی بەهەمووکەسێک هەرس نەکراوە .هەڵبەتە هونەرمەند دەبێ بزانێ چ دەڵێت، دەبێ بزانێت چۆن گوتاری خۆی بگەیەنێتە خەڵکی ..بەزەبری هونەریەت و قەناعەت پێکردن .واتا هونەر دەبێ قەناعەت بەخش بێت نەک مایەی سەرسامی وگومڕابوون.

«٣»

هونەرپیشەیەکی یەکجارقورسە، هەرچی هێزوتوانات هەیە هەڵیدەمژێ بێ ئەوەی چ دەستکەوتێکی مادی هەبێ، بەتایبەتی لە وولاتانی پاشکەوتوودا، ڕەنگە نانەسکیشی تیا نەبێت، لێ لەپاڵ ئەوەشدا لەزەتێکی روحی ئەوتۆ بەهونەرمەند دەبەخشێت کە نەتوانێ دەستبەرداری ببێ، لەگەڵ هەربەرهەمێکی ڕەسەنی تازەدا ژیانی دەگۆڕێت و روحی تازە دەبێتەوە و لەناوهونەرەکەیدا دەژی ودەژێتەوە و ساتەئاساییەکان لەخۆی پاس دەکات و دەبێ بەبوونەوەرێکی نائاسایی وبازنەی دنیای تەنگی خۆی بەجێ دەهێڵێت وبەناودنیای بەرین وئازادو سەربەخۆی هونەردەکەویت و..

«٤»

دەکرێت هونەری ڕەسەن ومرۆڤانی، بەگشت لق وپۆپەکانی یەوە بەشیلەی روحی سەردەمی خۆی بزانرێت، هونەریش پترلەکاتی ئاستەنگێن کۆمەلایەتی و نیگەرانییەێن روحی دا بەرجەستە دەبێت و لەواقیعەوە ئاۆێتەی خودوروحی هونەرمەند دەبێت ئەوجا وەکو پارچەیە لەخودی هونەرمەند نەک وەکو پارچەیەک لەواقیعی بابەتی دەوروبەر لە شێوەیەک لەشێوەکانی هونەردا ڕەنگدەداتەوە .

«٥»

کاری هونەری نابێت بۆ بەرجەستەکردنی بیروئایدولۆژیایەکی دیاریکراو تەرخان بکرێت، بەڵکو دەبێ وەلامدانەوەی کەڵکەڵەهەرە قوول وئالۆزەکانی قولایی دەرونی مرۆڤ بێ .بۆیە هەر هونەرمەندێک بیرێکی دیاریکراو بەرجەستە بکات پێشوەختە سنوری کارە هونەرییەکەی خۆی دەزانێ ئیدی ئەوکارە تابلۆ و نیگار بێ یان مۆسیقایان شیعر یان چیرۆک و ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکە..هەڵبەتە هونەر هەوڵێکی بەردەوامە بۆ کەشفکردن و دۆزینەوەی خودوڕامکردنی، بۆیەزۆرگرنیگە هونەرمەند چاوی لە ئافەرین وستایش ورەزامەندی خەڵکی نەبێت بەڵکوگرینگ ئەوەیەخۆی لە خۆی ڕازی بێ ولە هیچ ساتێکی هونەریدا، لەمنداڵیەتی خۆی، بە هەموو بێگەردییەکییەوە، بە هەموو ساویلکەیی وساکارییەکییەوە، دانەبڕێت

دانەبڕیت، دانەبڕێت و سواری باڵی منداڵێتی بێ و هەموو لەمپەرو مەرزوسنوورەکان ببڕێت وخۆی بەیەک نیشتمانەوە، بەیەک نەژادو ڕەگەزەوە، یان بەیەک ئاین و زەمانەوە نەبەستێتەوە. بەزمانی هونەر، کەزمانی سەرلەبەری مرۆڤە لەهەموو دەڤەرو زەمانێکدا، خۆی و خەڵکی بدوێنێ. هونەر ئاوازێکە لەژێ ی کەمانجەیەکی غەریبەوە.لەروحی مرۆڤەوە دەرژێ ومرۆڤ ئاوەدان دەکاتەوە. هونەر تامی ژیان بۆ لێوە پیربووەکان دەگەڕێنێتەوە .هێزی بینین لەتاریکیدا، بۆ چاوانی دەستەمۆو ڕاهاتووی روناکی دەگەڕێنێتەوە ..هەڵبەتە هونەرەکان تێکەڵ بەیەکترن و لەهیچ شتێکدا یەکێتی نەبێ، ئەوا یەکێتی هونەر هەیە .گرنیگ ئەو هێزە خوڵقێنەرەیە کەلەپشت هەرکارێکی ڕەسەنەوەیە .ئەوەی لەکاری هونەریدا مایەی سەرنجە ئاماژەکانێتی؛ ئاماژەبۆ پەنهان ونادیار، هەڵبەتە تا ژیان ترسناکتربێ و ئاڵۆزکاوتربێ.ئەم دنیایە، ئەم جیهانە سامناکتربێ، هونەر پترروو لەتەجرید وتەجریدیەت دەکات وشیعری هەندێک لەسۆفی یە شاعیرەکان نموونەی زیندووی ئەوبۆچوونەن..

تێبینی.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی. خمسة رسامين كيار د.نعيم عطية دارالكاتب العربي -فرع مصر ١٩٦٨.